# شاری بێ زیندان

هەڤاڵ سەید حەسەن
**٢٠٠٥ _ ١١ _ ٨**

حەشیمەتێکی زۆری خەڵک بەسەر ساکەگۆڕە ڕوتەنەکانی دەوروبەری (دائیرەی ئەمن) دەبیندرا، زۆربەی خەڵکەکە لە ژنان و پیاوانی بەساڵاچوو تا منداڵانی کەم تەمەن، لەبارێکی پڕ چاوەڕوانیدا هەستیان ڕاگرتبو، زوو زوو گوێیان بەزەویەوەدەنا. هەندێک کەس بەلایت هەوڵی ڕۆشن گردنەوەی ناو کونە تاریکەکانی ئەو بۆڕیانەی دەدا کە هەڵکشابون ڕووەو ئاسمان. هیچ ڕۆشناییەک نەدەگەیشتە قوڵی ناوی ناوەوەی لولەکی ئەم بۆڕیانە. خەڵکەکە خۆبەخۆ دەیانگوت: بێسودە هیچ نابیندرێ! ئەم بۆڕیە باریکانە لەشوێنێکی زۆر قووڵ و پڕ پێچ و گەوەن هاتوون و، وا لەم گۆڕە وشک و ڕەقەنەدا دەرپۆقیون. ڕاکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کەوا ئەم لولەکانە کەنالی هەواکێشین، بۆ هەناسەدانی زیندانیەکانی ژێر زەوی هەڵچەقێندراون. تاوتاوە بە دەنگێکی خنکاوو کزۆڵ هاوار لە چەند کەسێ هەلدەستا: تکایە کۆمەککاربن، نزاو پاڕانەوە و گریان هیچ سودێک بە زیندانیان ناگەیەنێ ، تەنها دەبێتە مایەی تێکەڵاوبوونی دەنگەکانو سەرلێشێوانمان، لادانی گڵمتە خۆڵێ باشترە لەو سەردولکە خەمۆکیانەی کە خوێن لە دڵمان دێنێ، دەمی زامەکانمان دادەپچڕێ و نیگەرانمان دەکات و پەکماندێخێ و دەستمان کوڵینگ و بێڵ ناگرێ، تکایە دایەگیان، مامی شیرینم، برالەی خۆم پشوێک بدەن هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشن بیری ناخۆش لەسەرتان دەرکەن، خۆشەویستانم هێوربن هێور، واخەریکە سەرە دەزوێکمان دەستگیر دەبێ، دەنگێکی زۆرمان لەم بۆڕیە دێتە بەرگوێ. لەناو خەڵکەکە یەکێ هاتە دەنگ : ناوی کەسێکت گوێلێنەبوو؟ وەک خرمەی نەرمە بارانێ، هەرکەسەو ناوێکی لەزار داباری. ئەوانەی نزیک بۆڕیەکان گوێچکەیان بەکونو ڕۆخی بۆری و خاکەکەی دەوران دەوری دوور و نزیکی بۆڕیەکان نابوو، بەرسڤەکانیان هیوابەخش بوون بۆ هەمووان، دەنگەکان زۆر دوورو ئاڵۆزن، دەشێ هەموو ئەوناوانەی تێدابێ بەڵام زۆر سەختە لەم هەراو زەنایە بکرێ هەڕەی لە وەرەی جیاکەینەوە، لەناو زایەڵەی نوزە ونزای کەسوکاری زیندانیەکان، لەگەڵ وەشاندنی هەرکوڵینگێ، لەگەڵ چەقاندنی هەر پیشەقانو بێڵ و پێمەڕەیەک، لەگەڵ پێکداسمان و زرنگانەوەی   سومبەو کوتکەکان، دەنگەکان سەریان دەکردوو دەمەکان دەهاتنە گۆ: لەدەوری سەرتانگەڕێم بەهێواشی، قوربانی تۆزی بەرپێتان بم بسەکنن، پشوودرێژبن لەگەڵ ئەم خاکە زیندووە، مرۆڤی لەژێردا بەندکراوە، لەسەرخۆ و بەئەسپایی بەدەستەکانتان گرمتە خۆڵەکان ڕامالن، وریابن تەپوتۆز دروست مەکەن، با بەدەستی خۆمان بەسەریاندا خاپوورو وێرانی نەکەین و نەیان خنکێنین، هەموو هیوایان ئەو بژە هەوایەو دەنگەکانیانە، با ئێمە ببین بە هانا و دەرباز، دەزانم کەسێک نیە لە ئێوە دلێکی نەبێ لەژێر ئەم خاکە تورتوو ڕەقەنە دا زیندەنێژ نەکرابێ، بەلام بە تەنگەتاوی و هەڵپەکاری زیانیان پێدەگەیێنین، ئەمە چەندڕۆژێکە هەولێر ئازادە،  کەسێک لەوباوەڕەدانیە گورگەکانی بەعس لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدا هیچ گرنگیەکیان بۆ ئاو و نانیی زیندانیەکان دانابێ، لەوانەیە گشتیان لەگیانەڵادابن، دەبێ خێرا و وریا بین، هەرساتێک ڕەتدەبێ لەوانەیە ڕۆحی یەکێک لەوانەی لەزگی ئەم زەویەدا گومکراون بتوێتەوە و تێکەڵ بە خاک بێ. ئەمە دیاری هۆزی عۆجەیە بۆ دایکان و باوکان، بۆ هەر تاکێکی کوردی  ئازادیخواز، لەسەر نوسینی گوتارێ یان هەڵبەست و پەخشانێ، یا دەربڕینی دەردەڵ و خستنەڕووی کێشە و خەمەکانی شار و لادێ، یاخود خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی تورە لە دەسەڵات، بەیانێکی سەر دیوار، ناوهێنانێکی ڕەخنەگرانەی سەری گەورەی هۆزی عۆجە و کوڕو زاواو خزمەکانی بەس بوو بۆ ( گولەباران و هەڵواسین و شێت ) کردنی ئازیزانمان لە زینداندا، چەند دڵڕەق و بێبەزەیی و زۆردار بوون لەخودی خۆیاندا خۆشەویستی و بزەیان کوشت کاتێ بە کارەبا دڵی زیندانیەکیان هەڵتەکاند، پەیڤی شیرینی مرۆڤیان گۆڕیەوە بە هەڵەوەڕی و جنێو کاتێ زمانی سیاسەت مەدارێکیان بە پلایس دەرکێشا، تەواوی بونیادی مرۆڤانەی خۆیان تیرۆرکرد کاتێ مرۆڤێکیان بەجلەوە لەگۆڕنا، مەزهەبیان  کلۆڵکرد و وتە پیرۆزەکانیان هەتککرد کاتێ بۆ پاکانەی سەربڕینی مرۆڤ و فەتوای ئاخوندێکی

ڕەگەزپەرست بەکارهێندرا، سەرۆک و پەرلەمان و دادگا و گشت دەزگاکانی دەوڵەت ژەنگداربوون و هەڵپڕوکان و ڕسوابوون کاتێ هۆزی عۆجە قەوارەی خۆی بە ئەندازەی گەورەیی هەموو عیراق خستە ڕوو، لەباشترین باردا، هاوڵاتی و هاوشاریەکانی خۆیان بە خوبزەی بنەماڵەی سەدام ناسدەکرد، ڕۆژرەشی و دۆزەخێک کەبۆ کورد سازیان کردبوو، بەورۆژەی گەیاندن کەوا کەسێکی شەرافەتمەند لە سەراسەری دونیادا نابینیەوە لەخۆیان بگرێ و لێبوردنیان پێ ڕەواببینێ. زۆر پرسوجۆ خۆبەخۆ بەبێ لەیەکتر ڕامان، هەر لە نەستا بەڕەوانی لە قوڵای سفتوسۆی تراوماکاندا هەڵدەقوڵین، هەستەکان ئەبون بە وشە و، قورگ و زمانی وشکهەڵاتوویانی دەهێنایە گەڕ و بە توونی ئاهەنگی کار، لاکەلاکی هەزاران سەرک و چاوی پڕ لەگلێنە ڕووبەرەو خوار، لەتاریکایی ژێر قاچو دەستەکانی ئەم شەوەدا ڕەشاییان دەدواند و قسەیان لەگەڵ خاکدا دەکرد.

هەر بەکوڕیەوە، پیرێژنێک خێرا خێرا خۆڵی دەردەدا و دەیوت: ڕۆڵەکانم ئەوەی من بینیم ئەقڵ نایگێڕێتەوە بەڵکوو زمان دەیگێڕێتەوە، دەزانن ئەوشەوەی کوڕەکەی منیان ڕفاند هاوین بوو ، لەشیرنی خەودا بووین لەسەر تەختەخەوی بانێژەی ماڵ، کفتی ماندوبوونی ڕۆژمان دەدایەوە، لەپڕ شەوەو مۆتەکەمان لێ بوو بە ڕاستی، چەند دەستێکی ڕەشی پڕڕ لە ڕقو بێ بەزەیی، لە پرچ و چوارپەلمانەوە ڕایکێشاین، بۆ خواری خوارەوەی ماڵەکەمان، لەبەر ڕۆشنایی چرای ژێر پەیژەی ماڵ، گشتمانیان بەسەر یەکدا هەڵدا، وڕوو کاس بوین، بارێکی مۆتەکە ئاسا گیانمی دەتاساند، لوتم، پشتم، پێستی سەرم، گشت گیانم سڕبوو، دەمزانی ئازارم زۆرە بەڵام هەستم پێی نەدەکرد، زمانم شکابوو، توانای وەڵامی دەمی پڕ لە جوێنی چەکدارەکانی ئاسایشی نەبوو، کە ئاسایشو ئارامی ئێمەی لەناوبرد لەو نیوەشەوەدا، چاوەکانم توانای  جیاکردنەوەی تەختێکو مرۆڤێکی نەدەکرد، بۆساتێک هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو ناوی خوداو غەوسی گەیلانیم هاتەوەیاد، لەناو ئەم دڕندە بێباکانە کەسێکی سەرپێچراویان لەگەڵدابوو نەیدەویست بناسرێ و، هەر بەبێ دەنگی، بەپەنجە ئاماژەی بۆ کوڕە بچوکەکەم کرد، لەناو ئێمە دەریان کێشا و بە قۆنداغە تفەنگ و لەقەی پۆستاڵەزلەکانیان لێیاندا، تا هۆشو هاواری لەبەردابڕا، پاشان کەلپچەی دەستۆ پێیان کردوو هەڵیانپێچاو بردیان، کەس نەی وێرا بەدەنگ هاوارمانەوە بێ ئەوشەوە، هانامان بۆ جاش و بەعسیەکان برد بۆ هەواڵێ، هەرچی بەهاداربوو و کڕیاری هەبوو لە ئەڵقەی زێڕ و کۆنە تەخت و بەڕەو هیربارو مەسینەی ماڵ، فرۆشتمان و پارەکەم لەمستیان نا، بەڵام بێهودە بوو هەر درۆیان بۆدەکردین دەرکەوت ئەوانەی بۆپارە و دەسەڵات پایان لە ئۆردوی دژەمرۆڤ و نادیموکراتدا گیر کردبوو، پاکانەیان دەدۆزیەوە بۆ هەموو خوێنڕێژی و زۆرداریو ناڕەحەتیەک کە بەسەر ئێمەو هاوشاریەکانماندا دەهات، ترسنۆک و بێ هەلوێست بوون، نەیان دەوێرا بەرگری لەخۆیان و کچ و ژنەکانییان بکەن، چۆن دەتوانن هەواڵی کوڕەکەی من بزاننو، زاتبکەن و بوێرانە بەرگری لێ بکەن. مناڵ شیرینە چەندەی گەورەشبن من هەر وێنای گڕوگاڵی بچوکیان دەکەم، گەردن و پرچیان، بۆنە خۆش و مەستکەرەکەی ساواییان لێنابڕێتەوە، دەست و پەنجە بچوکەکانیان وا لەسەر ڕوما هەستی پێدەکەم، یەکەم پەیڤینیان لە گوێما دەزرنگێتەوە، وەک دەنگ و بۆنە خۆشەکەی خاکە گەرمەسێرەکەی قەراج، یا بناری قەرەچوغ دەم وڕووژێنێ کاتێ نمەی پایزەباران تەڕی دەکات، ئێمە جەرگی خۆمان بۆ ئەو گورگە چەپەڵ و زۆردارانە بەخێو نەکردووە، زۆر بەکولەمەرگی و کەساسی وێمڕا گەیاندن، بەخیلیم لێ نەکردن لە بەخشینی خۆشەویستی و ڕێز، لەژیانمدا کەم کار ماوە لەدەستم هاتبێ و نەمکردبێ ، کشتکاری، نانکەری ماڵان، هەرچی شوراوەبێ لە قاپ و مەنجەڵەوە تادەگات بە فەرش و سەرشۆری ژنان، کردوومە تەنها بەدرەوشتی و دزیم نەکردووە ئەویش بەخاتری خۆموو سەربەرزی مناڵەکانم نەمکردووە، بێسەروشوێنکردنی کوڕەکەم و دەستدرێژی کردنە سەری و هەڵسوکەوتی دڕندانەیان  ئاگرێکی بەلەز بوو لەناوەوە دەیسوتاندم، بە ئادەتی خۆیان ئەم دەزگا تۆقێنەرە کاری خۆیان هەر بە تاریکە شەو ئەنجام دەدا، ئەمە دوەم چوزانەوەی جەرگم بو کاتیخۆی براکەشم هەر بەدەستی ئاسایشی عەرەب کوژرا، دەڵێن هەندێ لە پەڕتوکەکانی کوڕەکەم لە یەکێ لە بنکەکانی ئاسایشی

هەولێر دۆزرایەتەوە، ئەوشەوەی کە کوڕەکەمیان برد، خڕی ئەو پەڕتوک و پەڕاوانەی بەردەسیتیان کەوت، لەفەردەیان کردوو بردیان.

*                *

ستوونی بۆڕیەکان ژمارەیان گەلێ زۆربوو، هی باریک و ئەستووری تیابو، قووڵی جیا جیایان هەبوو، هەندێکجار دوای دوو تا سێ مەتر قوڵکاری، ڕایەڵەی بۆڕیەکان دەگەیشتە ژووری بچوکی چوارگۆشەیی، وەک مانهۆڵی زێراب وابوون، هەندێکیان ناوئاخن بۆش و هەندێک پڕوو داخراو، بەشێک لە بۆڕیەکان زیاتر چووبوون بە قوڵایی زەویدا.خەڵکەکە وەڕز نەدەبوون و درێژەیان بە سەرهەڵدانەوە و تێکشکاندنی ژورە بچووکە کۆنکریتیەکان دەدا. درێژ بونەوەی بۆڕیەکان و پێچکردنەوەیان وەک شەقلێکی نهێنی و، شێواندنێکی مەبەستدار دەهاتە بەرچاو. ژنێ ئاوی دەگێڕا، لە ڕۆخی یەکێ لە چاڵەکاندا لەدەمی ئاوپێداندا لەگەڵ تارماییەکەی بەرامبەری دەدوا، من باوکم دوابەدوای هەرەس، وازی لە هەڵسوڕانی سیاسی هێنا، باوەڕی بە شێوە نەریتیەکانی خەبات نەمابوو، هەمیشە دەیوت مرۆڤی هۆشیار و زانا لایەق بە سەربەخۆیی و ئازادیە، من کەی یا لەکوێ لەدایک بویمە، من چ پۆشاکێکم لەبەردایە و چ کەوشو کڵاشێکم لەپێیە، کوڕی وەزیرم یا گزیرم، گرنگ نیە ئەگینا هزرمەندانی سیاسی، کە هەمیشە وێنای ڕاستیەکانی ژیان دەکەن و تەقەلای نۆژەنکردنەوەی دەدەن، گوتارەکانیان بە جێکەوتەو کاریگەری ناوی ڕۆژی دووشەمە و مانگی خەزەڵوەر و شاری سابڵاغ لەسەر سیاسەتی جیهانیدا دەست پێدەکرد، یا ڕۆڵی کورتەک و شەرواڵ و کڵاشی پەڕۆیینیان تاوتۆ دەکرد لە بەرکەماڵیدان بە هاوکێشەی سیاسی ئەمڕۆدا و، باس لە پشتبەستن بە تاکتیکەکانی یەنس و مرادخانی و مەنیجۆب دەکرا لە هەڵسوڕانی سیاسەتی گشتی نێونەتەوەییدا، یا کۆمەڵناسان گرنگییان بۆ شرۆڤەی کاریگەری سولالەی وەزیر و هەندێ لە فەسیلەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەلێکهەڵپێکراوی میری هۆز و سەرەگەورەکانی عەشایەر لە ڕاگرتنی ڕەونەق و پایەیی جیهانگەرایی کێشەی نەتەوایەتیمان دادەنا. باوکم زۆر دژ بە گوتارە سیاسیە گەندەڵەکەی پێشوبوو، هەمیشە بە وازیەکی سیاسی منالانەی ناتەواوو بێ ئاکامی دەژمارد، پێی وابوو بوونی ڕادەی بەرزی سۆزێکی نا ئاوەز و چڕکردنەوەی بایەخی گوتار لە تویکڵدا شتێکی بێ ئاکامەو، بە مەبەستی بچوک کردنەوەو لێڵکردنی بیری ڕزگاری و ئازادیخوازانەمان دەخرێتە ڕوو. دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی بەعس لەڕێگەی ماندونەناسی و تێکۆشانی بێوچانی ڕۆشنگەرانەی باوکم لەنێو خەڵک، دەرکیان بە مەترسی کارەکانی کردبوو، ڕۆژێک لە ناو قوتابخانە لەکاتی وانە وتنەوەدا ئاسایش ڕاپێچیان کردوو نەگەڕایەوە، وابۆ دەساڵ دەچێ بەهیوای سۆراغێکین، هەرساڵە جۆرە کایەیێکیان پێدەکردین، جارێ دەیان گوت لە زیندانەکانی هەولێر دیتراوە، جارێکیتر دەیانوت لە (ئەبوغرێب)ە، هەندێک هەواڵ سۆراغی باوکمیان بۆ زیندانەکانی تکریت دەبردەوە، گوایە لەدەرەوەی دادگای ڕەواڵەتی بەناو شۆڕش، کە بە نەردی تاوڵی سزای خەڵکی نەیارو ڕەخنەگر لە دەسەڵاتیان دەدا بە مەرگ و زیندانی هەتاهەتایی، مەجلیسی شێخانی هۆزی عۆجە هەبووە، بڕیاری خوێنڕشتن و خنکاندنی زیندانیەکانی بیر و قەڵەمە خەستوخۆڵەکان دەدا کە ڕاستەوخۆ مەترسییان بۆ دەسەڵاتی ڕەهای سەدام و هۆزەکەی دروست دەکرد. زۆر تامەزرۆی بینینەوەی باوکم دەکەم، بەوهیوایەم هەر لێرەبێ، زوو دەستمان پێیڕابگا، لە ناوچە عەرەبیەکان دەڵێن زێندانی وایان ئازاد کردووە قژو پرچی سپییان بەمەتر درێژ بووە، هیچ هەواڵێکی دەرو دونیایان نەزانیوە، هەر وایان زانیوە شۆڕش و کودەتا دژی ئەحمەد حەسەن بەکر بەرپا کراوە، مەتەڵی ئەم بۆڕیانەش وەک هەواڵە ساختەکانی دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس دەبینمەوە، بەهەرحاڵ با لەوەزیاتر درێژدادڕیتان لەگەڵ نەکەم چاکترە درێژە بە ئاو بەشینەوە بدەم لە چاڵەکانی ئەوبەر، دڵنیام تینووترن لە ئێوە، دەستتان خۆشبێ، هەرشتێ بەدەرکەوت زوو دەنگ هەڵبڕن.

خەڵکەکە وەرز نەدەبوون لە گەڕان و قوڵکردن و تێکشکاندنی ژوورە بچووکە کۆنکریتیەکان، لە پەراوێزی ئەو خاکەی کاریان لەسەر دەکرد، چەند ئامێرێکی قۆرتکەر بەبەردەوامی چاڵکاریان دەکرد، کار درێژەی هەبوو بەتوولانی تەمەنی ڕزگاری هەولێر، بیست ڕۆژ ئازادی ڕەها، ڕووی سوری شار لەگەڵ زەردەپەڕی خۆردا، خڕی قەڵای وەک خەرمانەی سوورەگوڵ و ئەوینێکی خاکی کە بەسێڵاوی خەستبوونەوەی  شیلەی خوناوی

داباریوی سۆزی هەموو هەورە سپییەکان و چاوەشینەکانی ئاسمان ئاودرابوو. بیست ڕۆژ ویژدانی خەڵک یاساو دادو کارفەرمابوو، کەس زیندانی باوەڕ نەبوو، شار پۆلیسی تیانەبوو، سانسۆر و سەرکوت بوونی نەبوو، ئەڤین فەرمانڕەوا و خواوەندی باشە دەسەڵاتی ڕەهاو ئاشقانەی گرتبوەدەست. چاڵەکان زۆر قوڵ بوبوونەوە بەڵام نەگەیشتن بە ئاستی زیندانیەکانی ژێر زەوی، دەشێ دەنگەکان هەر هی خۆمان بووبێ و لەبەرگوێماندا زرنگابێتەوە، ئەودەمە کەس نەبوو هاواری (خودا و ئازاد و ئاشتی و باوەڕ وکاردۆ )ی خۆی نەکات. ناو و نزا لە منارەکەی شێخی چۆلی سەری دەکردوو و هەڵدەکشا بۆ کەشکەڵانی ئاسمان، زیندانی لە سەر خاکا نەما ئازاد نەکرێ، خەڵکی شار بۆ ڕەها کردنی زیندانیەکانی ژێر ئەرز دەگەڕان، هەولێر شاری ئەشق بوو، تا شەوی سی و یەکی ئازاری خوێناوی، شەوەزەنگی ئافراندنی تابلۆی بێسەرو شوێنکردن و ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژی بوو، دەنگی گولەو خومپارە لەهەمو کوچەو کۆلانێکی شار دەبیسترا، دیسان شار کەوتەوە بەرشالاوی ئاگری چەکەکانی سوپای عراق، بەعس هاتەوە، دەسەڵاتێ هاتەوە کە بۆنی بارود و خوێنی لەگەڵ خۆیداهێنا، شورەی قەڵا کون بوو، شاریان سوتاند و گشت خەڵک ئاوارە بوونەوە.

..............................................................................................................................
..............

دارشتنی ئەم بابەتە لەسەر بناغەی برگەیەک لە ڕاستیەکانی مێژووی ڕاپەڕین و ئازاد بوونی شاری هەولێر هەڵبەستراوە، دوابەدوای پاکسازی بەعس و تێکشکاندنی بەندیخانەکان و مۆلگاکانی سەرکوت و تۆقاندن، کە لەمێژووی نوێی هەولێردا کەموێنەبوو، بەدرێژایی ڕۆژانی ئازادی شار، هەزارەها خانەوادەی کورد بە باوەڕێکی تەواوەوە، لەژێر خاک بۆ ڕۆڵەکانیان دەگەڕان، هەوڵەکان درێژەی هەبوو تا بەرواری **٣١ _ ٣ _ ١٩٩١**، ڕۆژی هاتنەوەی سوپای بەعس و ڕەوی ناچاری کۆمەڵانی خەڵک.